# دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

- گرینگیەکەی
- پیناسەی شارو گوند
- پیناسەی وەزارەتی پلاندانانی عیراق بۆ شارو گوند
- گرنگترین ئەو هەولانەی کە لە لایەن تایلەرو جۆن دراون بۆ جیاکردنەوەی شارو گوند
- لەرووی ( پیشە , چری, ژینگەی سروشتی , کۆمەلایەتی )
- بنەماکانی بەکار دەهیندرین لە جیاکردنەوەی شارو گوند
- بنەمای ( ژمارەیی, میژووی, کارگیری, وەزیفی, مۆرفولوجی , ریژەیی )

بایەخی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان

- مەبەست لیرەدا دابەشبوونی دانیشتوانە بە پیی شارو گوند  ئەم جۆرە دابەشبوونە بایەخی زۆری پیدەدریت لە لیکۆلینەوەکانی دانیشتواندا چونکە لە ریگایەوە :
- 1–جۆری ئەو پەیوەندیانە دەدردەکەون کە لە نیوان مرۆف و زەوی دروست دەبن
- 2– ئەو راستیانەش دەخرینە روو کە پەیوەستن بە سروشت و شیوازەکانی کۆبوونەوەی دانیشتوان
- 3– ویرای دەرخستنی شیوەی نشینگەکان و جۆری دابەشبوونیان
- کە هەموو ئەمانەش کار دەکەنە سەر لایەنە دیمۆگرافی و کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی دانیشتوان

- پیش ئەوەی باس لەم دابەشبوونە بکەین باشتر وایە هەردوو چەمکی شارو گوند رافە بکەین
- لەگەل ئەوەی شار دیاردەیەکەو بەیەکیك لەو سیماو رووخسارە گەورانە دادەندریت کە ئادەمیزاد لە سەر رووی زەوی بنیادی ناوە کەچی تویژەران و دەولە تان تاوەکو ئیستا نەیان توانیوە پیناسەیەکی پر بە پیستی خۆی بۆ بکەن لە مرۆی دنیاشدا لە ئەنجامی کەمبوونەوەی جیاوازی نیوان شارو گوند کارەکە گرانتر بووە

- وەزارەتی پلاندانانی عیراقی كاتیك پیناسەی شار دەكات دەلیت (كۆبوونەوەیەكی چری دانیشتوانە كە خەلكەكەی بە كارو چالاكی جۆر بەجۆری ناكشتوكالی خەریكن لە رووی كۆمەلایەتیشەوە كۆمەلیكی ناچۆنیەكن لەپال ئەم پیناسەیەش لە لایەن دەولەتەوە سیفەیەكی كارگیری پیدەدریت ) بەمجورە گوند پیچەوانەی شار خەلكەكەی كۆمەلیكی چۆنیەكن وبە كارو چالاكی كشتوكالی خەریكن

- بەمەبەستی جیاکردنەوەی شارو گوند هەولی زۆر دراوە گرینگترینیان ئەو هەولە بووە کە هەردوو زانای بە ناوبانگ (taylar) و (jones) داویانە کە توانیویانە چەند خالیك دیاریبکەن بۆ جیاکردنەوەیان کە گرینگترینیان ئە مانەن :
- 1- لە رووی پیشەوە : زۆربەی زۆری دانیشتوانی گوندنشین بە کارو چالاکی کشتوکالی خەریکن کەچی دانیشتوانی شارنشین بە چالاکی ناکشتوکالی خەریکن .
- لەرووی چرییەوە: شارەکان چری دانیشتوانیان تیدا بەرزە بە بەراورد بە گوندەکان
- لەرووی ژینگەوە : گوندەکان مۆرکی ژینگەی سروشتیان بە سەر زالە بە جۆریك دانیشتوان لە گوندەکان لە تەماسی راستەوخۆدان لە گەل ژینگەی سروشتی کەچی لە شارەکان خەلك لە تەماس دایە لە گەل ئەو ژینگەیەی کە ئادەمیزاد دروستی کردووە .
- لەرووی کۆمەلایەتیەوە: جیاوازییەکی زۆری کۆمەلایتی لە شارەکان هەیە کەچی ئەم جیاوازیانە کەمترن لە گوندەکان هەروەها پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان لە گوندەکان بەهیزن بەلام لە شارەکان لاوازن .

- بنەمای ژمارەیی : بەیەکیك لەو بنەمایانە دادەندریت کە بە شیوەیەکی بەربلاو بەکاردەهیندریت لە جیاکردنەوەی شارو گوند ئەویش لە بەر ئاسانی بە کارهینانی بەلام دەولەتان تاوەکو ئیستا لە سەر ژمارەیەکی دیاریکراو ریك نەکەوتوون ئەویش **بە هۆی جیاوازی قەبارەی دانیشتوان لە وولاتیکەوە بۆ وولاتیکی تر** بە جۆریك لە هەر یەك لە دانمارك و سوید لە نیوان 200-300 کەسە کەچی لە کەنەدا 1000 کەسەو لە یابان 30000 کەسە کەچی لە وولاتیکی وەك تورکیا ژمارەی دانیشتوان وەك پیوەریك بەکار دەهیندریت بەجۆریك نابیت شار ژمارەی دانیشتوانی لە (5000) کەس کەمتربیت .
- بنەمای میژووی : وەك بنەمایەك بەکاردەهیندریت لە هیندیك حالەتدا لیرەدا جەخت لە سەر میژووی نشینگەکە دەکریتەوە بۆ ئەوەی بکریت بە شار بەلام ئەمە بە پیوەریکی دروست داناندریت چونکە هیندیك لەم نشینگانە لە گەل ئەوەی کۆنن بەلام گۆرانیکی ئەو تۆیان بەسەر دانەهاتووە لە بەرامبەردا هیندیك نشینگەی تر لە گەل ئەوەی تازەن بەلام گۆرانی گەورەیان بەخۆوە بینیوە

- بنەمای كارگێری : لەم پێوەرەدا دیاریكردنی شار پشت بە بڕیاری كارگێری دەبەستێت كە لە لایەن دەولەت دەردەچێت بۆ كردنی نشینگەیەك بە شار ئەم پێوەرە لە زۆرێك لە وولاتانی وەك ( بەریتانیا ومیسرو تونس و ڕۆمانیاو بەرازیل و عیراقیش ) بە كار دەهێندرێت بە جۆرێك لە عیراقدا بە پێی بڕیاری شارەوانیەكان ژمارە 165 كە لە سالی 1964 دەرچووە هەر نشینگەیەك ئە نجومەنی شارەوانی تێدا بێت بە شار هەژماردەكرێت ئەمەش هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە كە دەكەونە چوارچێوەی سنووری شارەوانی هەموو ئەوانەشی دەكەونە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە بە گوند هەژمار دەكرێن

- بنەمای وەزیفی : مەبەست لیرەدا جۆری ئەم وەزیفەیە کە دانیشتوانی نشینگەکە پیوەی خەریکن ئاشکرایە کە وەزیفەی سەرەکی دانیشتوانی گوندەکان وەزیفەی کشتوکالە کەچی وەزیفەی شارەکان جۆراو جۆرن وەك بازرگانی پیشەسازی و خزمەتگوزاری هەر بۆیە ئەم پیوەرە بە یەکیك لە پیوەرە گرینگەکان دادەندریت کە بەکاردەهیندریت لە جیاکردنەوەی شارو گوند زۆر جاریش شارەکە بە یەکیك لە وەزیفانە دەناسریت بۆ نمونە شاری بازرگانی یان پیشەسازی یان سیاحی یان زانکۆیی
- بنەمای مۆرفۆلۆجی : شار راستیەکی مادی بیندراوە دەکریت بە ئاسانی لە گوند جیا بکەینەوە ئەویش لە ریگای
- بیناکانی لە رووی ژمارەی نهۆمەکانی جۆری کەرەسەی بیناکانیان و پانی پۆری شەقامەکانی و بوونی دام و دەزگا گشتیەکان کە دیارە ئەمانە لە گوندەکان بوونیان نیە بە جۆریك گوندەکان لە چەند خانوویەکی پەرش وبلاو زیاتر نین کە لە ناوەراستی کیلگە کشتوکالیەکان دروستکراون

# پیوەری ریژەیی

| زنجیرە | پیوەر | کیشی ریژەیی(الوزن النسبی) |
|---|---|---|
| 1 | دانیشتوان( کەمترین قەبارە 2000 کەسە) | 40 |
| 2 | ئابووری ( زیاتر لە 50٪ی دانیشتوان لە بواری ناکشتوکالی کاربکەن) | 30 |
| 3 | مۆرفۆلۆجی ( زیاترلە 50٪ بیناکانی لە کەرەستەی بیناسازی جیگیر دروستکرابن) | 10 |
| 4 | کۆمەلایەتی ( چری دانیشتوان دابەشی ئەو بینایانەی کە بەیەکەوە لکاون لە 50 متر زیاتر لیک دوورنین) | 10 |
| 5 | خزمەتکوزاری کۆمەلایەتی وەك ( قوتابخانە خەستەخانە بەرید بازار) | 5 |

- بە مجۆرە ئەو ناوەندانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لە 10000کەس زیاترە 40٪ وەردەگرن کەمترین قەبارەش ( 2000 ) کەسە کە 24٪ وەردەگریت  ئەو ناوەندانەی کە ژمارەشیان لە نیوان ( 2000-10000 ) بۆ هەموو ( 500 ) کەس یەك  پلە وەردەگرن ) ئەگەر کۆی خالەکان 60٪ کەمتر نەبوو بە شار دادەندریت
- گرنگترین ئەو  پیوەرو بنەما نوییانەی  لە جیاکردنەوەی شارو گوند بەکار دەهیندرین ئەمانەن
- 1- المعايير البيئيه(  پیوەری ژینگەیی )
- 2- التنميه البشريه( پەرەپیدانی مرۆیی )
- 3- المستوى التقنى(ئاستی تەکنیکی )
-

- **یەکەم /(پیوەری ژینگەیی)**
- **لە رووی پیسبوونی ژینگەوە هەوای شارەکان زیاتر پیسترن وەك لە گوندەکان،** لێرەدا دەکریت ئامازە بە هیندیك پیوەر بکەین کە ریژەیەکی ژمارەیمان پی دەدەن لە سەر کۆمەلیك گۆراو کە لەسەر شارو گوندەکان پیادە دەکرین لەوانە :
- ا- بە شیوەیەکی گشتی ناوەندی پلەکانی گەرمی لە ناوەندە شارستانییەکان (2) پلەی سەدی زیاترن وەك لە گوندەکان.
- ب- شیی ریژەیی لە شارەکان لە (6٪) نزمترە وەك لە گوندەکان
- ج- توزو خۆل لە هەوای شارەکەی (10) کەرەت زیاترە وەك لە گوندەکان
- د- خیرایی با لە شارەکان بە ریژەی (20 بو 30٪)کەمترە وەك لە گوندەکان
- دووەم /پەرەپیدانی مرۆیی :
- ئەو پیوەرە لە کۆتایی سەدەی بیست وەك بنەمایەك بەکار هیندرا بۆ پۆلینکردنی وولاتانی جیهان دواتریش بۆ جیاکردنەوەی شارو گوند ئەو پیوەرە پشت بە سی گۆراو دەبەستیت کە ئەمانەن:

- 1- دریژی ماوەی ژیان ( امد الحیاه )
- 2- ریژەی خویندەواری ( نسبه التعلیم)
- 3- ناوەندی بەشی تاكە كەس لە داهاتی نەتەوە ( متوسط دخل الفرد من الدخل القومي
- لە گەل بوونی جیاوازی لە قوچەكی ئابووری ئەو دوو كۆمەلگایە بە جۆریك قوچەكی ئابووری گوند لە ژیرەوە زۆر فراوانەو كەمتریش بەرزە چونكە لە گوندەكان تەنها (3)ئاستی ئابووری هەن
- 1- جوتیار لە بنكە 2- خاوەن زەوی (ملاك الارض) 3-پیاوانی ئایینی(رجال الدین)
- لە بەرامبەردا هەرەمی ئابووری لە شارەكان جۆراو جۆرە بەهۆی بوونی جیاوازی چینایەتی زۆر لە شارەكان واتە شارەكان چین و تویژی جیاواز لە خۆ دەگرن لە نیوان لووتكەو بنكەی هەرەمەكە
- سییەم : المستوى التقنی ( ئاستی تەكنەلۆژی) ئەو بنەما مادییەیە كە لە شارەكان زۆرتر دەردەكەویت وەك لە گوندەكان

## دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی جیهان (1750- 2050)

| سال | شارنشین (٪) | گوند نشین (٪) |
|---|---|---|
| 1750 | 3 | 97 |
| 1900 | 14 | 86 |
| 1950 | 30 | 70 |
| 2000 | 47 | 53 |
| 2007 | 50 بە پێی ڕاپۆرتی UN | 50 |
| 2030 | 60 | 40 |
| 2050 | 70 | 30 |

- ئەوەی لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوانی جیهان تیبینی دەکریت ئەوەیە کە دانیشتوانی شارنشین لە هەلکشانی بەردەوام دابووە لە بەرامبەردا گوندنشینان لە کەمبوون بووە لیرەدا دەکریت دوو قۆناغی سەرەکی لە زیادبوونی دانیشتوانی شارنشین دیارییکەین کە بریتین لە :
- قۆناغی یەکەم لە ماوەی سالانی 1750-1950 لە ماوەی ئەم دوو سەد سالەدا دانیشتوانی شارنشین بەشیوەیکی فراوان زیادیانکردووە هۆکاری سەرەکیش لەمەدا بۆ شۆرشی پیشەسازی دەگەریتەوە کە لەم ماوەیەدا بوو بەهۆی دەرکەوتنی چەندین شاری پیشەسازی لە ئەنجامیشدا کۆچ کردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گوندنشین بۆ شارەکان بە مەبەستی کارکردن لە بواری پیشەسازی
- قۆناغی دووەم : 1950-2007 بە شەپۆ لیکی تری بە شارستانی بوون هەژمار دەکریت کە لەمەوبەر جیهان ئەم جۆرە زیادبوونەی لە ریژەی شارنشینان بە خۆووە نەبینیوە جیگای ئاماژەیە زۆربەی هەرە زۆری ئەم زیادبوونەش لە ریژەی شارنشینان لەوولاتانی دواکەوتووی هەریەك لە قارەکانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای باشووری گرتۆتەوە ئەویش دوای بەدەستهینانی سەربەخۆیی ژمارەیەکی زۆر لە وولاتانی ئەم کشوەرانە چەندین ناوەندی شارستانی نوی دەرکەوتن .

# گەشەی شارنشینی لەسەر ئاستی جیهان و وولاتانی پیشکەوتوو دواکەوتوو

- کرداری بە شارستانی بوون و دەرکەوتنی شاری قەبارە گەورەو هاتنی کۆچکەران لە لادییەوە بۆ شار لە وولاتانی دواکەوتوو لە زۆر لایەنەوە جیاوازە وەك لە وولاتانی پیشکەوتوو ئەمەش پەیوەندارە بە سروشتی ژیانی شارستانی لە زۆربەی وولاتانی دواکەوتوو کە لە دەرئەنجامدا دەبیت بە مایەی دەرکەوتنی چەندین گرفتی شارنشینی لەم وولاتانە کە ئەو گرفتانە بەدەگمەن لە وولاتانی پیشکەوتوو دەبیندرین
- ئەو جیاوازییە لە نیوان وولاتانی دواکەوتوو پیشکەوتوو بۆ دوو فاکتەری سەرەکی دەگەریتەوە کە پەیوەستن بەو بارو دۆخەی کە کرداری بە شارستانیبوون لە هەر یەکەیان روویداوە ئەوانیش بریتین لە :

- فاكتەری یەكەم :خۆی لەوە دەبینێتەوە كە كرداری بە شارستانی بوون لە وولاتانی پیشكەوتوو شان بە شانی پیشكەوتنی پیشەسازی و تەكنەلۆژی روویداوە بە جۆریك ئەو پیشكەوتنە هۆكاریك بووە بۆ راكیشانی ژمارەیەكی زۆرتری دانیشتوان بە مەبەستی كاركردن لە بواری پیشەسازی بە ئامانجی فەراهەمكردنی گوزەرانیكی باشتر و دەستەبەركردنی خزمەتگوزارییەكی زۆرتر كە لە شارەكان بوونیان هەیە بەهۆی بوونی زۆری هەلی كار .
- فاكتەری دووەم :خۆی لەوە دەبینێتەوە كە ناوەندە شارستانییەكان لە وولاتانی پیشكەوتوو تا رادەیەكی زۆر ئامادەباشیان تیدایە بووە لە لەخۆگرتانی ژمارەیەكی زۆری دانیشتوانی كۆچكەر بە واتایەكی تر كرداری بە شارستانی بوون تا رادەیەكی زۆر بە شیوەیەكی سروشتی و تەندروست بووە بە جۆریك شارەكان لە توانایاندا هەبووە كە ژمارەیەكی زۆری كۆچكەر لە خۆبگرن  بە شیوەیك ئەو كۆچكەرانە

- نەك هەر گرفت بۆ شارەكان دروست ناكەن بەلكو دەبن بە مایەی هەرچی زیاتری گەشەو پیشكەوتنیان كە ئەمەش بووە بە مایەی هەرچی زیاتری پیشكەوتنی شارەكان
- بەلام لە وولاتە دواكەوتووەكان ئەو گۆران و گەشەیەی كە بە سەر شارەكاندا هاتووە جیاواز بووە وەك لە وولاتانی پیشكەوتوو بە جۆریك زۆربەی ئەم وولاتانە پیشتر مستعمرەی وولاتانی پیشكەوتوو بوونە هەر بۆیە دوا بەدوای ئەوەی كە سەربەخۆیی سیاسیشیان بە دەست هیناوە  بە تایبەت دوای جەنگی دووەمی جیهان كەچی ئابووریەكەیان هەر پاشكۆی ئەو وولاتانە بووە واتە ئابووریەكی پاشكۆیان هەبووە

- هەربۆیە پێویستیان بەوە هەبووە کە زۆربەی پێداویستیەکانیان بە تایبەت پیشەسازیەکان لە ولاتە پیشکەوتووەکان بە دەست بخەن ئەمەش بووە بە مایەی گەشەیەکی خێرای شارنشینی بەبێ بوونی بناغەیەکی بەهێزی ژێرخانی ئابووری بەمجورە لە وولاتە دواکەوتووەکان ژمارەیەکی زۆری خەلك کۆچیان بەرەو شارەکان کردووە بە بێ ئەوەی شارەکان ئامادە سازیان هەبێت لە لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرە لە کۆچکەر ئەمەش بووە بە مایەی دەرکەوتنی چەندین گرفتی شارنشینی لە ناو خۆی شارەکان

Group-J